UNITED NATIONS POPULATION FUND - IRAQ
صندوق الأمم المتحدة للسكان - العراق

United Nations Entity for Gender Equality and the Empowerment of Women

راگەیەنراوی هاوبەش

**پاراستنی ئافرەتانی عێراق لە خەتەنەکردن**

هەدیە ٥ ساڵان بوو کە خەتەنە کرا" ئەو ڕۆژە زۆر دەترسام؛ دایکم منی برد بۆ ئەو ژوورەی کە تێیدا خەتەنە دەکرام، زۆر خوێنم لێ ڕۆیشت وبە درێژایی شەو دەگریام، ٢٠ ساڵ تێپەڕیوە، بەڵام من هێشتا ئازارم هەیە. "

خەتەنە کردنی مێینە، یەکێکە لە هەرە نامرۆڤانەترین جۆرەکانی توندوتیژی ڕەگەزی لە سەرتاسەری جیهاندا. لە ڕۆژی جیهانی لێنەبووردنی خەتەنەکردنی مێینە دا، پابەندبوونی خۆمان دووپات دەکەینەوە بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی دژ بە مافی مرۆڤ، بۆ ئەوەی ئەو کچانەی کە هێشتا مەترسیی خەتەنەکردنیان لەسەرە، هەمان ئەزموونی بەئازاری هەدییە نەچێژێتەوە.

بەپێی ڕووپێوی (MICS)، ساڵانە لەسەدا ٧,٤ ی کچان ڕوبەڕووی کرداری خەتەنەکردن دەبنەوە. هەرچەندە بەراورد بە ناوچەکە ژمارەکان کەمن، بەڵام ئامانجی ئێمە پارێزگاری کردنە لە کچان، تاوەکوو بە ئازاری لەم چەشنەدا تێنەپەڕن.

لەهەندێك ناوچەی هەرێمی کوردستانی عێراق، هێشتا خەتەنەکردنی مێینە بە ڕێژەیەکی زۆر ئەنجام دەدرێت، نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ دامەزراوەکانی حکومەت ورێکخراوە ناحکومییەکان کاردەکات، بۆ ئەوەی لە ڕێگای هەڵمەتی هوشیارییەوە، ڕێگری لەم دیاردە بە ئازارە بکرێت. هەروەك زانراوە، خەتەنەکردنی مێینە لە زۆر لایەنەوە زیان بە ئافرەتان وکچان دەگەیەنێت، بە ئازارە وبە برینە، بە شێوەیەکی دەمودەست وبۆ هەمیشە، کێشەی تەندروستیی دروستدەکات. بۆ نموونە، ئەو ئافرەتانەی کە خەتەنەکراون، مەترسیی مردنی منداڵە تازە لە دایکبووەکانیان، زیاتر دەبێت.

دکتۆر ئۆلورمی سۆگونرۆ، نوێنەری UNFPA لە عێراق

پیتەر هاوکینز، نوێنەری UNICEF لە عێراق

دینا زۆربا، نوێنەری UN Women لە عێراق